# لوقمان غەریب لە نامەكانی ئەشەرەف و ئامانجەكانی ئەدویٚ



**گەورەیی و جوانی هەندێ تێکست ئارەزووی ئەوەت لا دروست دەکات کە کاری تیادا بکەیت**

**ئێمە لەولآتی خۆمانەوە تەماشای نامەکانی ئەشرەف دەکەین**
**بۆیە وەک ئاوێنەیەک وایە خۆمان و دەسەلآتی خۆمانی تیادا دەبینینەوە**

**هونەرمەند کاتێک دەیەوێ داهێنانێک بکات . ئەگەڕێت لەخەیاڵی خۆیدا تا دەروویەک بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین**

**پێویستە کار بۆدڵخۆشکردنی بینەری خۆمان بکەین کەموکورتییەکانیان بەزمان و کرداریی کۆمیدیایانە پیشان بدەین**

لوقمان غەریب کە یەکێك لە دەرهینەرو سیناریستە دیارەکانی کوردستانە و خاوەنی چەند بەرهەمێکی هونەری بەپێزو پڕ بینەرە لەم گفتۆگۆیەدا لەگەڵ نوچەنێت باس لەزنجیرە درامای نامەکانی ئەشرەف دەکات کە لە دەرهێنان و سیناریۆی خۆیەتی و ئامانج و کارکردنی لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە بۆ بەدراماکردنی دەخاتەروو.



نوچەنێت / ئالان عومەر

**ئالان عومەر: درامای نامەکانی ئەشرەف جیا لە دەقی نوسەرەکە لوقمان غەریب چ مەبەستیکی تایبەتی هەیە لەو ریگاوە بگەیەنێت؟**

لوقمان غەریب/ مەسەلەکە گەیاندنی مەبەست نییە بەقەد ئەوەی کەپێویستە هەرکارێکی هونەریی ئامانج و پەیامێکی هەبێت. لێرەش پەیامەکە روونە، رەخنەیەکی بابەتی بەزمانێکی هونەریی نەرم و لەچوارچیوەی نواندنێکی کۆمیدیایی جدییدا، کەدواجار یەکانگیر دەەبێتەوە لەگەڵ وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارەی کە ئێمە رۆژانە لە خۆمانی دەکەیین. دیارە رووداوەکانی ئەم درامایە نەك نامۆ نییە بەژیانی کۆمەڵگای دوێنی و ئەمڕۆی ئێمە. بەڵکو بینەر دەقاودەق بەواقیعی خۆی دەشوبهێنێ. بۆیە ئێمەش تەنها هەمان مەبەستمان هەیە. دیارە پەیامەکەش گەیشتووە.



**ئالان عومەر/ بۆچی بەردەوام لە کارە هونەریەکاندا وەك شانۆ و هەندیك جاریش دراما ، هونەرمەندانی کورد پەنا بۆ دەقی بیانی دەبەن تۆش لە نامەکانی ئەشرەف وات کردوە مەبەستت چیە لەمە؟ بەبرواى تۆ نوسەری خۆیی ئەگەر دەقی دراماکان بنوسی باشتر دەست ناخاتە سەر لایەنی مەبەست؟**

لوقمان غەریب/ نازانم بەڕای من دەق پەیوەست نییە بە نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە. تێکست ئەگەر زیندوو بێت و پەیامە ئینسانییەکانی راستگۆ بن ئەوا هەر بەنەمریی دەمێنێتەوە و رەهەندێکی جیهانی وەردەگرێت. دواتر ئامادەکردنی ئەو دەقەو جارێکی تر کارتیادا کردنەوەی

فۆرمێکی دیکەی دەداتێ کەئەویش لەبازنەی خەیالی سیناریستدا دەسوڕێتەوە.. ئەوەش راستە نووسەر گەر خۆی دەقەکە بنووسێ رەنگە ئاسۆی کارکردنی تیایدا روونتر بێت باشتر بەرجەستەی بکات. پێشر دوو بەرهەمی ترم من خۆم نووسیومە. بەڵام گەورەیی و جوانی هەندێ تێکست ئارەزووی ئەوەت لا دروست دەکات کە کاریی تیادا بکەییت. بۆیە ئەمجارەیان من ئەم تێکستەم بۆ کارکردن هەڵبژارد ..



**ئالان عومەر/ لە نامەکانی ئەشرەف رەخنە لە بێ ئاگای و کاڵفامی خەلك دەگیرێت و رەخنە لە بێ ئاگایی دەسەڵات دەگیریت کە بەناویەوە چەواشەیی دەکرێت، ئەبێت مەبەستی تۆ چی بێت ئایا هەمان دەرد لە خەڵك و دەسەڵاتی کوردستان ئەبینی؟**

لوقمان غەریب/ بێگومان هەموو ئەو دیاردانە رۆژهەڵاتیین، نەك لای ئێمە لەکوردستان، لە وڵاتانی دەورووبەرو ناوچەکە بەگشتی، رەنگە چەند کیشوەرێك. چوزانم ئەمە پەیوەستە بە پەروەردەوە ئاکارەوە ، ئێمەو ژمارەیەکی زۆری گەلانی دنیا هەمان دەردمان هەیەو هەمان بیرکرنەوە ژیانی شیواندوین. بەڵام ئیستا ئێمە لەوڵاتی خۆمانەوە تەماشای دەکەین بۆیە وەك ئاوێنەیەك وایە خۆمان و دەسەڵاتی خۆمانی تیادا دەبینینەوە. ئەبێ واش بێت قسەیەکی کۆن هەیە ئەڵی هونەر ئاوێنەی ژیانە.

**ئالان عومەر/ بۆچی هونەرمەندی کورد لە هونەردا ناراستەوخۆ دەست دەخاتە سەرکێشەکان، واتە بە ئاشکرا بە خەڵکی کوردستان ناڵین کامە خراپیەکەتەو روو لە دەستەڵاتیش ناکەن بلێن**

**ئەمە هەڵەکانتە بەردەوام رەخنەکانیان بارگاوی دەکەن بە شت گەلێك کە روون و ئاشکراتر پەیام نەگەیەنێت؟**

لوقمان غەریب/ لەبەر ئەوەی وەزیفەی هونەر وایە. کاری دراما وەك راپۆرتێکی ناو رۆژنامە نییە، راستەو خۆ رووداوەکان بگوازێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر بەرهەمێك زیاتر کار لەسەر لایەنە جوانکاریی و فەنتازییەکەی کرابێت. لێرەدا مەسەلەکە راستەوخۆ و ناراستەو خۆ نیە. هونەرمەند کاتێك دەیەوێ داهێنانێك بکات. ئەگەرێت لەخەیاڵی خۆیدا تا دەروویەك بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین. ئەمە جیالەوەی کەدراما کۆمەڵێ رەگەزیی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ کارکردنیش چەندەها و چەشنەها شیوازو رێبازی جۆراوجۆر هەیە.



**ئالان عومەر/ لوقمان غەریب لە سلێمانی دادەنیشێت دەرهینەرەکانی سلێمانی لە تی ڤی یەکانی ئەو شارە کار دەکەن، بەڵام کارەکانی تۆ لە کوردستان تی ڤی و ئەو کەناڵانەیە کە لە هەولیرن ئەمە لایەنگریی سیاسیە یان چی؟**

لوقمان غەریب/ بەرای من جاوازیی نییە من لەسلێمانی کاردەکەم و بەرهەمەکانیشم لە کوردستان تیڤی، کە تەلەفزیۆنێکی کوردستانیی گەورەیە و نەورۆز تیڤی کە حکومەتی کوردستان بەڕێوەی دەبات، پەخش بوون. هەر ئەمساڵیش لە هەردوو کەناڵی لۆکاڵی هەولێرو سلێمانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە تەلەفزیۆنێکی دێرین و بەناوبانگە، زنجیرە درامایەکی (14)

ئەڵقەییم پەخشکرا. کاری ئایندەشم هەندێ لەدیمەنەکانی لە هەولێری پایتەخت و شارەکانی کفری و کەلار تۆمار دەکرێت رەنگە هەندێ دیمەنیش لەکەرکوك و گەرمیان تۆمار بکەین.

**ئالان عومەر/ لە کارەکانی تۆدا هەموکات تراژیدیاو کۆمیدیا رەخنەو کۆمیدیا تیکەڵن ئەمە بۆ پشودانە بە بینەر؟ یان دروست نەبونی مەلەلە؟ یان شێوازێکی تایبەتە بە خۆت؟ کام لەم لایەنانەیە و مەبەستت چیە؟**

لوقمان غەریب/ تا ئەم کارەی کە ئێستاش لەبەردەستمدایە، ئارەزوم لەوەیە کەبەم شێوازە کاربکەم. کارکردن لەسەر شێوازی تێکەڵکردنی کۆمیدیا و تراژیدیا، یاخود رەخنەیی جدیی و واقعی کارێکی ئاسان نییە. ئەم ستایلە قورسترین ستایلی کارکردنە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆرکەس ناتوانێ خۆی لەقەرەی بدات. لەگەڵ ئەمەشدا بینەرێکی هێجگار زۆر و فراوانی هەیە. پێویستە کار بۆدڵخۆشکردنی بینەری خۆمان بکەین و کەموکورتییەکانیان بەزمان و کردارییی کۆمیدیایانە پیشان بدەین.

**ئالان عومەر/ لە تایتڵ نوسراوە تێکست حەمەسەعی ئیبراهیم و وتنی میرە تا ئێستا گۆرانی نەبیستراوە ؟**

لوقمان غەریب/ هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر مۆسیقای تایتڵەکەی داناوەو پاشان کراوە بەگۆرانی و میرە دەیلێت و لەئەڵقەی کۆتاییدا دانراوە.